زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر

کۆلیژی هونەرە جوانەکان

بەشی موزیک

# گرینگترین ڕێگاکانی  پەروەردە و فێرکردنی گۆرانی و موزیکی کوردی لەقوتابخانە سەرەتاییەکان (تیۆری سوڵتان کۆدایی وشینیتشي سوزوکی)وەک نمونە


م.چیایی کمال سعدی

مامۆستا لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

Chiey.saddi@su.edu.krd

009647704484557

پ.ی.د.دلاوەر موستەفا محەمەد

مامۆستا لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان- زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

dlawer.muhammad@su.edu.krd

009647504456382

پ.د. ناصر هاشم بدن

مامۆستا لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان – زانکۆی بەصرا – عراق

Nasserbadan60@gmail.com

009647712569920


- توێژینەوەیەکی وەرگیراوە (مستل) لە تێزی دکتۆرا بەناونیشانی (گۆرانی و موزیک و بەکارهێنانیان لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی شاری هەولێر) لە زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، بەشی موزیک.

2021 – 2022

## پوخته

لەم توێژینەوەدا جەخت لەدۆزینەوە و چارەسەرکردنی لەمپەرەکانی بەردەم گەشەسەندنی بواری گۆرانی و موزیکی کوردی کراوەتەوە لەنێوپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، بەمەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر لەم زانستە، ڕێگا وتیۆر وبیر وبۆچوونە فەلسەفیەکانی هەریەک لەقوتابخانەکانی سوڵتان کۆدای و شینیتشی سوزوکی خراونەتە بەرباس ولێکۆلینەوەی ورد، چونکە هەروەک ڕوون وئاشکرایە هونەر بەگشتی وگۆرانی وموزیک بەتایبەتتر زانستێکن کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر ناخ ودەروون وهەست وسۆز وهزری تاک بەگشتی ومناڵ بەتایبەتی.

هەروەها دەست خراوەتە سەر دیاریکردن وخستنە ڕووی باشترین ڕێگا پەروەردەییەکان لەکاتی ئەنجامدان وجێبەجێکردنی بابەتە موزیکیەکان لەپەروەردە وفێرکردن، دواتر چارەسەرکردنی کێشە وکەم وکوڕیەکان لەڕێگەی خستنە ڕووی بیردۆز وبۆچونەکانی سوڵتان کۆدای وسوزوکی کەخاوەنی قوتابخانەی نوێی بواری موزیکن، لەڕێگەی پێشکەشکردنی چەندین پێشنیار وڕاسپاردە بۆ سەرخستنی بوارەکە.

هەموو ئەمانەش لەڕێگەی چەند تەوەرێکی گرینگەوە خراونەتە ڕوو لەتوێژینەوەکە بەمەبەستی گەشەسەندنی موزیکی کوردی وناساندنی لەلایەن نەوەی نوێ لەڕێگای ئەم تەوەرانە: ( گرینگترین وستگەکانی ژیانی سوڵتان کۆدای و شینیتشی سوزوکی وەک سەرەتایەک بۆ ناساندنی خاوەن قوتابخانە نوێکانی بواری موزیکی، بۆچونەکانی هەریەک لەکۆدای وسوزوکی لەبارەی هونەر وگۆرانی وموزیک، بۆ گرینگی موزیکی میللی و فۆلکلۆری و چۆنیەتی بەکارهێنانیان لە گشت پرۆسەکانی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی، باشترین ڕێگەی پەروەردەو فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەکانی کۆدای و سوزوکی لەبواری وانە گوتنەوەی گۆرانی و موزیک، گشتاندنیان لەسەر بەرهەمە کوردیە ڕەسەنەکان. فەلسەفەی کۆدای وسوزوکی بۆ پەروەردەی گۆرانی وموزیک، بەستنەوەی بەتێکست و بابەتە ئەدەبیەکانی نێو گۆرانی و موزیکەی کوردی کەبەشێکی گرینگی جیانەکراوەی مێژوو وژیانی نەتەوەی کوردە. دواتر خستنە ڕووی دەرەنجامەکان و پێشنیاری چەند ڕاسپاردە و پێشنیارێک بۆ زیاتر گرینگیدان بەبابەتی گۆرانی و موزیکی کوردی وهۆشیارکردنەوەی بەرپرسانی سیاسی وحکومی لەگرینگی بەکارهێنانی گۆرانی وموزیکی کوردی لەنێو پرۆسەی پەروەردە وفێرکردندا، دواتر ڕێکخستنی لیستی سەرچاوە بەکارهێندراوەکان.

**ووشە کلیلەکان**: گۆرانی، موزیک، پەروەردە، فێرکردن، کورد، کۆدای، سوزوکی

**١–پێشەکی**

فێربوونی گۆرانی وموزیک لەهەرێمی کوردستان وەک عیراق وگشت وولاتانی دەورووبەر دەکەوێتە نێو پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی سەربە وەزارەتی پەروەردە وفێرکردن، زانستەکە وەک هەر زانستێکیتری نێو پرۆسەی پەروەردە بەیاساو رێسای تایبەت رێکخراوە وکاتی دیاریکراوی بۆ دانراوە کە لە هەفتەی یەک رۆژ بۆگشت قۆناغەکان دەبێ لە قۆناغی یەک تا قۆناغی شەشی سەرەتایی.

**کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە** بابەتی پەروەردە وفێرکردنی گۆرانی وموزیکە لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمانیش بۆ کەمی رێژەی مامۆستایانی پسپۆری موزیک ونەبوونی میتۆدێکی ئامادەکراوی کوردیە لەلایەن وەزارەتی پەروەردە بۆ وتنەوەی وانەکە لەلایەن مامۆستایان لەلایەک، ناشارەزایی مامۆستایانی موزیکیش بە رێگاو رێکارەپەروەردەییەکان بۆ بابەتی گۆرانی و موزیک ونەبونی پێداویستیەکانی وەک: شوێنی تایبەت بە جێ بەجێکردنی وانەکە وپرۆڤەکردنی منالان بە گۆرانی وموزیک (تاقیگەی موزیکی)، دابین نەکردنی ئامێرە موزیکیەکان، نەبوونی کەرەستە دەنگیەکانی وەک تەسجیل ومایک ومیکسر وساوند بوکس ومۆنتاربۆ... لەلایەکیتر، وە خراپی شوێنی وانەکە لە خشتەی وانەی هەفتانە وخستنە دواوەی بابەتەکە بۆ کۆتا وانە ونەخوێندنی لە زۆربەی زۆری قوتابخانەکان، یا پرکردنەوەی وانەکە بە وانەیەکیتری زانستی، ئەمانەو چەندین هۆکاریتر بونەتە لەمپەر لەبەردەم گەشەسەندنی بابەتەکە وسود وەرنەگرتن لەم زانستە گرینگە کەبەیەکێک لەباشترین چارەسەرەکانی دەرونی ورێکخستنەوەی جەستەیی وئارامکردنەوەی ناخ وهۆیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگە ودروستکردنی کەسایەتی بەهێز لەمناڵ دادەندرێن.

رێبازی بەکارهێنانی گۆرانی وموزیک لە پەروەردە وفێرکردن لەلایەن سولتان کۆدای و تیشینشی سوزوکی شێوازێکی نوێ وتازە وداهێنان نەبوو لەسەرەتادا لەبواری پەروەردە وفێرکردن، بەڵکو بەرلە هەزاران ساڵ پێشتر گۆرانی وموزیک بونی لەناو پەروەردە وفێرکردندا هەبووە، موزیک بەشێک بووە لە بەشەکانی پەروەردە وفێرکردن ولە قوتابخانەکاندا شان بەشانی بابەتەکانیتر خوێندراوە وهەبووە، بەڵام بەشێواز وجۆر ورێگای جیاجیا، بەڵام سولتان کۆدای و سوزوکی توانیان سود وەربگرن لە ئەزمونی یۆنانیە کۆنەکان وگەلانی ئەوروپا، رێگاو جۆرو وشێوازی پەروەردەکردنی تازە بۆ رێگاکانی فێرکردن وپەروەردەکردنی گۆرانی وموزیک لەناو پەروەردەو فێرکردن بدۆزنەوە بەمەبەستی بەهێزکردن وگەشەپێدانی توانا موزیکیە جۆراو جۆرەکانی تاک بەگشتی ومناڵ بەتایبەتی لەرێگای خوێندنگە سەرەتاییەکانەوە، بەبەشداریپێکردنی کەرەستە وئامرازی سەردەمیانەتر لەوەی پێشتر. بۆئەمەش هەریەک لەمان توانیان سود لەتێکەڵکردن و وەرگرتنی گشت ئەم رێگاو رێبازە سەرکەوتوانەی پێش خۆیان وەربگرن ولەپاڵ ئەمانیش چەندین رێگای جۆراوجۆری تر دابهێنن وبەکاریان بهێنن. گرینگترینیشیان بەکارهێنانی تەکنەلۆجیابوو لەبوارەکەدا.

**گرینگی توێژینەوەکە** لە خستنە ڕووی ڕێباز وتیۆری قوتابخانەکانی کۆدای وسوزوکی یە، چونکە لەمیتۆدەکەیاندا جەختیانکردۆتەوە لە بەکارهێنانی گۆرانیە میللی وفۆلکلۆریەکان، بەمەبەستی ئاسانکاری باش بۆ تێگەیشتن و پەروەردەکردنی منالان بۆ تیۆری موزیکی، ژەنینی ئامێرە موزیکیەکان، گۆرانی وتن، چێژوەرگرتن، هەروەها پەروەردەکردنی هەستی بیستن، بەهێزکردنی گوێچکەکان، زیادکردنی توانای یاریکردن بەدەنگەکان وئامێرەکانی موزیک، جولاندنەوەی جەستەی منال و بەهێزکردنی توانا فسیۆلۆجیەکان.

**ئامانج لەم توێژینەوە** دەرخستنی گرینگی گۆرانی وموزیک وژەنینی ئامێری موزیکی لەوەرگرتنی زانیاری تازە وبەرەوپێشبردنی مەعریفەی منالە، چونکە بەپێی بۆچونی زانایانی موزیکی وپەروەردەیی، وە بۆچونەکانی کۆدای وسوزوکیش، گۆرانی وتن بەبێ هاوکاری ئامێرە موزیکیەکان کاریگەری لەسەر دەنگی مرۆڤ دروست دەکات منال فێری بیستن ودەربڕینی پیتەکان دەکات بەشێوەیەکی ڕاست و دروست تر، لەلایەکیتردا گەر دوو منال گۆرانی بڵێن ئەوا هەریەکەیان بەجۆرێک ئەدای گۆرانیەکە دەکەن و یەک لە یەک شتی زیاتر وئاوازی جوانتر بەرجەستە دەکەن بەمەش موزیکی نوێ لەدایک دەبێت و کومەڵگە بەرەو ئاستێکی تری پێشکەوتن و داهێنان هەنگاو دەنێت.

ئەم هەنگاوانەی کۆدایی و سوزوکیش دەتواندرێ وەک هەنگاوی سەرەتایی بۆ بەرەوپێشبردنی گۆرانی و موزیکی کوردی سودی لێوەربگیرێت لەقوتابخانە سەرەتاییەکانی هەرناوچەیەک لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەوەی لەم وانانەدا منال لەڕێگایی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری و میللی ناوچەکانی خۆیانەوە فێری زانیاری نوێ بکرێن، کەئەمە خێراترین ڕێگا دەبێت بۆ گەشەی مەعریفی تاک لە بواری پەروەردە وفێرکردندا بەکەمترین کات و تێچوو.

**سنوری توێژینەوە** هەروەک لەسەرەتا و لەناونیشانی توێژینەوەش ئاماژەمان بۆیان کردووە قوتابخانە سەرەتاییەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی دەگرێتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە** لەتوێژینەوەکەدا میتۆدی شیکاری وەصفی لەڕوانگەی چەندیەتی وچۆنیەتی قەبارەی کێشەکان دەستنیشانکراوە بۆ گەیشتن بەدەرەنجامەکان وگشتاندنی ڕێگا چارەسەرەکان لەم بوارە بۆپێشوەچونی هونەر بەگشتی و گۆرانی وموزیک بەتایبەتتر.

**٢–شیکردنەوەی چەمکەکان**

**٢–١–گۆرانی/** بەپێی شیکردنەوەی أحمد الهاشمي گۆرانی واتای چرینی هۆنراوە و دەقە ئەدەبیەکانە، وەدەڵێت گۆرانی بەشێکە لە پێکهاتەی بچوک بچوکی موزیک و گونجاوە لەگەڵ دەنگی مرۆڤ و زۆر جار یاوەری دەکرێت بە ئامێرە موزیکیەکانیش. هەروەها أحمد الهاشمي دەڵێت گۆرانی جۆر و شێوازی زۆری هەیە، لەوانە (گۆرانی میللی، گۆرانی فۆلکلۆری، گۆرانی دانراو… تادوایی. لەکۆتایدا پێی وایە کە گۆرانی بەهەموو ئەم دانراوە موزیکیانە دەگوترێ کە دەگونجێت لەگەڵ دەنگی مرۆڤ. (الهاشمی، ١٩٧٩، ص٧).

هەروەها بەپێی گوتەی دیمیتری کابالیفسکی گۆرانی واتە ڕۆحی میللەت، هەروەها دەڵێت گۆرانی لایەنێکە لەم سێ لایەنەی کە موزیک لێیان وردەبێتەوە و کاریان لەسەردەکات، وەهاوڕایە لەگەڵ بۆچوونەکانی احمد الهاشمی سەبارەت بە جۆرەکانی گۆرانی و لق و پۆپەکانی و ئەو وردتر

باس لە جۆرەکانی گۆرانی دەکات و جیایان دەکاتەوە بۆ (گۆرانی لای لایەی مناڵ، بۆک گواستنەوە، گۆرانی سۆزداری و بەسەر ئافرەت هەڵگوتن، گۆرانی و هەڵگوتن بەسەر ئازایەتی و پیاوچاکان و کەسایەتیەکان... تادوایی. (میخییفا، ٢٠١٤، ص٢١).

**٢-٢-موزیک/** ڕونکردنەوەی چەمکی موزیک گۆڕانکاری بەسەردادێت بەپێی بەکارهێنانی وەک:

أ- موزیک وەک زانست: زانستێکە لە زانستە سروشتیەکان و لەسەر بنەما و ڕێساو یاسای ماتماتیکی ڕێکخراوە، دەنگەکانی گونجاندراون بەجۆر وشێوازیک کە بتواندرێت هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ قابیلیەتی بیستن و دەربڕین و تواناکانی گوێچکە. (حداد، ٢٠١٦، ص٦).

ب- موزیک وەک هونەر: دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی سەرەکی کە یەکەمیان لایەنی ژەنینی ئامێری (music instruments) دەگرێتەوە، هەروەها زانستی گۆرانی واتە دەربڕینی دەنگی مرۆیی بە گوێرەی تیمپۆی موزیکی ڕێکخراو. کە هەردووکیشیان بە دانراوەی موزیکی ناوزەد دەکرێن، دانراوە موزیکیەکانیش هەمیشە بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن:

١-دەنگی موزیکی (ئاواز): ئەم دەنگانەن کە لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی ئامێرەکانەوە دەردەچن، یا لە ئەنجامی لەرینەوەی ژێی قورگی مرۆڤەکانەوە لەڕێگەی دەمەوە دێنەدەرەوە. (هدیر، ٢٠١٩، ص١٦).

٢-کات (ڕیتم): پێوەرێکە بۆ ڕێکخستنی بەردەوامی دەربڕین و بەردەوام بوونی دەنگ، هاوسەنگی دروست دەکات لەنێوان درێژی و کورتی دەربڕینەکان، ئاواز و ڕیتم دوانەیەکی لێک دانەبڕاون لەموزیکدا جوتەزاو جومکەزان و هیچ یەکێکیان بەبێ ئەوەی تر واتا نابەخشێ .(ابراهیم، ٢٠١٤، ص ٦).

**٢-٣-پەروەردە/** شیکردنەوەی چەمکی پەروەردە گۆڕانکاری بەسەردادێ بەگوێرەی ئەم چوونە فەلسەفیانەی کە مرۆڤ دەیانگرێتەبەر بۆ پەروەردەکردنی نەوەی داهاتوو، وە گرتنە بەری ئەم ڕێگاو شێواز وکەرەستانەی کەبەکاریان دەهێنێت بۆ گەیاندنی بەها کۆمەڵایەتیەکان و بیرو بۆچونە زانسیتی و پەروەردەییەکان لە هەربوارێک لەبوارەکاندا. (الزهوري، ٢٠٠٢، ص١٦) ، عباس محجوب دەڵێت: پەروەردە بەواتای تێرکردن وپڕکردن وبەهێزکرنی لەشی مرۆڤ دێ بەداتا وزانیاری وهەڵسوکەوتی تازە، گشت بوارەکانی خواراردن وخواردنەوە وهەڵسان ودانیشتن وگفتوگۆ ولایەنە بەدەنی وهزریی وڕوحی وهەستی ووجدانی و سۆزیانە، تاڕادەی کامڵ بوونی تاک، بەمەبەستی بەرەنگاربوونەوەی داهاتوو وزاڵبوونی بەسەر هەموو ئەم قورساییی وتەنگوو چەڵەمانەی لەداهاتوودا ڕوو بەڕوویان دەبێتەوە. (محجوب، ١٩٧٨، ص١٥)

**٢-٤-فێرکردن/** فێرکردن کردارێکە ئامانج تیایدا بەهێزکردن و ئامادەکردنی تاکە بەشێوەیەکی ڕێک وپێک، مەبەستدار بەئامانجێکی دیاریکراو، بەمەبەسی ئەوەی کە لەداهاتوودا بتوانێ ئەم داتاو زانیاریانەی وەریگرتوون و فێری بووە، لەژیانی ڕۆژانەیدا سودیان لێ ببینێ لەبەرەوپێشبردنی خۆی و زاڵبێت بەسەر ئاستەنگەکانی بەردەمی. (الهاشمي، ١٩٧٩، ص٩١)

**٢–٥–کورد/** کورد نەتەوەیەکە خاوەن زمان و کەلتور و داب ونەریت و شوناسی تایبەتی خۆیەتی و خاک وئالا وخۆی هەیە.( نیکتین، ٢٠٠٣، ص١٦).

مێژووی گەلی کورد بۆ هەموو نەتەوەیەکی سەر گۆی زەوی ڕوون و ئاشکرایەو نامۆ نیە،گەلی کورد خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندە لە بواری فەرهەنگ و کولتوورو ئایینەوە کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە 4000هەزار ساڵ لەمەو پێش.( قەرەداغی، ٢٠٠٧، ص٩).

هەرێمی کوردستان، کە قەوارەیەکی دانپێنراوی یاساییە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقیداو، لەنێو دەستووری ئەو وڵاتەش سنوورەکەی دیاریی کردووە، ئەمەش بەهۆی دیفاکتۆی پرۆسەیەکی سیاسی و جوگرافی بوون، کە بەهۆی دەرئەنجامی شەڕی کەنداوی دووهەم (١٩٩١) دروست بوو.(مەردۆخ، ٢٠١١، ص ١٤).

**٢–٦–سوزوکی/** شینیتشی سوزوکی لە ٢٦ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٩٨ لە شاری ماتسۆمۆتۆ لەیابان لەخێزانێکی گەورە لەدایک بووە، لەسەرەتای تەمەنی منالی نەیتوانیوە بخوێنێ و لەگەڵ باوکی لە کارگەی دروستکردنی ئامێری کەمان کاری کردووە و صندوقی دەنگی ئامێرەکانی دروست کردوو، سوزوکی لەڕێگەی گوێبیست بوونی بە پارچە موزیکێکی (لافی مایا) ی (فرانز شوبرت) کەلەلایەن (میشا المان) بەئامێری کەمان ژەندرابوو ئارەزووی بۆ ئامێرەکە و فێربوونی دروست بوو، ڕاستەوخۆ ئامێرێکی کەمانی گرتۆتە دەست و کەوتۆتە دووبارەکردنەوەی پارچە موزیکەکە و ڕاهێنان لەسەری لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا، بەڵام باوکی لەسەرەتادا ڕێگای پێنەداوە و ڕێگر بووە لەبەردەم فێربوونی بە ئامێرەکە، تا دواتر لێهاتوویی و زیرەکیی سوزوکی بۆ باوکی بەدیار دەکەوێت و باوکی ڕێگای پێدەدات بچێ بخوێنێ لەبواری موزیک و فێری ئامێری کەمان بێ و دەینێرێت بۆ خوێندنی کەمان لە (طوکیو). لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا سوزوکی سەفەری ئەڵمانیا دەکات و بەدووای مامۆستای ئامێری کەمان دادەگەڕێت و بەردەوام دەبێت لەگەڵ (کارڵ کلینجر)، بەڵام نەیتوانیوە هیچ بڕوانامەیەک بەدەست بهێنێت لەم بووارەدا، هەرلەوێ چاوی دەکەوێت بە (ئەلبەرت ئەنشتاین) و دەبن بەهاوڕێی زۆر نزیک، ئەنشتاین زۆر هانی ئەدات و ئاراستەی ئەکات بەوەی خۆی فێری موزیکی کلاسیکی بکات و لەم بوارەدا بەردەوام بێت، سوزوکی کەسایەتیەکی بەهێز و زیرەکیەکی بێ وێنەی دەبێت و بە فەیلەسوفی سەردەم و موزیک زان و کەسایەتی پەروەردەیی و ڕاهێنەر ناوبانگی دەرکردوو بەردەوام لە بەرەو پێشبردنی کارەکانی و ڕێگاکانی لە هەوڵو ماندوو بونی بێ وەستان بووە.

**٢–٧–کۆدای/** سوڵتان کۆدای لە ١٦/ ١٢/ ١٨٨٢ لە گوندی (Kecskemet) لەدایک بووە، باوکی بەرپرسی هێلی ئاسنی بووە، هەربەم هۆیەشەوە ناوچەگۆڕکێی زۆریانکردووە، تا دواجار لە ناوچەی (Galanta) جالانتا جێگیر دەبن کەدانیشتوانەکەی لە هەنگاریا (مەجەر) و ئەڵمان و سلۆڤاکیەکان پێکهاتبوو، کۆدای بۆ تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ لەساڵی ١٩٠٠ ڕوی لە شاری بودابست کرد و لە کۆلێژی (Eotvos) کە تایبەت بوو بەڕاهێنەرانی پەروەردەیی وەرگیراو بەسەرکەوتوویی کۆلێژەکەی تەواوکرد و لەوێوە فێری زمانەکانی ئنگلیزی و فەڕەنسی و ئەڵمانی بوو، کۆدای توێژینەوەیەکی پێشکەشکرد بەناونیشانی (موزیک زمانە)، دواتر هەرلەسەر کاریگەری ئەم توێژینەوە بوو تێزی دکتۆراکەی لە بواری کۆکردنەوە و شیکردنەوەی گۆرانیە میللیە مەجەریەکان ئەنجامدا.

**٣-گرینگترین بۆچوونەکانی سوڵتان کۆدای وشینیتشی سوزوکی لەگەشەپێدانی پەروەردە وفێرکردنی منداڵ بە گۆرانی و موزیک**

مرۆڤ هەرلەسەرەتای دەستپێکی ژیانی ئاشنایەتی بە گۆرانی و موزیک هەبووە و لەڕێگای ئەم هونەرە پەرەی بەتوانا بەدەنی ومەعریفەکانی داوە و گۆرانی وموزیکی بۆ دەربڕینی هەستەکانی لەکاتی خۆشی وناخۆشی بەکارهێناوە، بەگوێرەی بۆچونەکانی شینیتشی سوزوکیش گۆرانی و موزیک لەناخی گشت تاکەکان بونی هەیە، بەڵام بەڕێژەی جیا جیا بۆیە ئەم پێی وایە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی پێشوەختەی مناڵەکان بۆزانینی بەهرەی موزیکی هیچ بەهایەکی نیە، نەک هەرئەمەش بەڵکو ئەم ماموستا وفێرکەرانەی چاوپێکەوتن وبەهرە سەرەتاییەکان دەکەنە پێوەر لە مناڵەکان بۆ فێربوونی گۆرانی وموزیک وژەنینی ئامێرە موزیکیەکان هەڵەدەکەن و کارێکی باش ناکەن، ئەمان دەبنە هۆی تێکشکاندنی هەست وسۆز وحەزە هونەریەکانی ئەم منالآنەی کە تازە دەیانەوێت پەرە بەلایەنی گۆرانی وموزیک بدەن وگشت خەونەکانیان ئەوەیە کە لەداهاتوودا ئامێرێکی موزیکی یا گۆرانیەکی میللی یا فۆلکلۆری ناوچەکەی خۆیان بڵێنەوە لەسەر تەختی شانۆ. (د.محمد الملاح: ٢٠١٠ص١٦).

سوڵتان کۆدای هاوبۆچون وهاوبیر بووە لەگەڵ سوزوکی، چونکە لە میتۆدەکانی زیاتر گرینگی داوە بە ڕاهێنان وبەکارهێنانی گۆرانی وموزیکی میللی وهەمیشە فیرخوازەکانی لەڕێگای ئەم گۆرانیانە ئاشناکردووە بەگۆرانی وموزیکی گشتگیر وسەردەمیانە، ئەم هەنگاوەشی لەپەروەردەی بابەتە زانستیەکانی تریشدا سودی زۆری بۆ فێرخوازان هەبووە، بەتایبەتی لەقوتابخانە سەرەتاییەکان، کۆدای لەمیتۆدەکەیدا جەخت لەگرینگی تیۆرە سەرەتاکانی موزیکیش دەکاتەوە وپێی وایە گۆرانیە میللەکان دەبنە ئاسانکاری باش بۆ تێگەیشتن وپەروەردەکردنی فێرخواز بەتیۆری موزیکی وژەنینی ئامێرە موزیکیەکان وگۆرانی وتن، چێژوەرگرتن وپەروەردەکردنی هەستی بیستن وگوێچکەکان ویاریکردن وجوڵاندنەوەی جەستە لەگەڵیان، چونکە مناڵەکان ئاشنایەتی پێشوەختەیان هەیە لەگەڵ گۆرانیە میللی وفۆلکلۆریەکان وچەندین جار گوێبیستیان بوونە.(ریم، ٢٠٢٠، ص٤).

بەبۆچون وفەلسەفەی بیرکردنەوەی سوزوکیش گۆرانی وموزیک بۆ هەموو تاکێکە وهەموو مرۆڤێک دەتوانێ فێری گۆرانی وموزیک ببێ، بەڵام بە گوێرەی کات و سات و زەمینەی لەبار، هەروەک چۆن منداڵ فێری زمانەکانی جیا لە زمانی دایک دەبێت لەکاتی پێویستیدا. سوزوکی لەڕێگاکانیدا کاری لەسەر پەروەردەی گوێچکەی مناڵەکان دەکرد لەتەمەنێکی زۆر سەرەتایی بە گۆرانی وموزیک لەڕێگەی سەماعی وگوێگرتنیان لەبەرهەمە موزیکیە ڕەسەنە مللیەکان، فۆلکلۆریەکان وەک دەستپێک، ئینجا سرودە نیشتیمانیەکان، ئاینیەکان، وەدواتر فێرکردن وڕاهێنانیان لەسەر بابەتە دانراوەکان ودواجاریش پڕاکتیزەکردنیان لەڕێگەی ئامێرێکی موزیکی. (محمد، ٢٠١٨، ص١٢).

بەپێچەوانەی سوزوکی، سوڵتان کۆدای لە میتۆدەکەیدا زیاتر جەختی لە ڕاهێنانی فێرخوازەکان کردۆتەوە بە ناسینەوەی میانە دەنگیەکان ودوری نێوان دەنگەکانی موزیک، لەڕێگای ئەم گۆرانیە میللی وفۆلکلۆریانەی کەمیانەی دەنگەکانیان لەمیانە سادەکانە ودووری نێوانیان کەمە وەک میانەی دوانی بچوک (descending minor third)، هەروەها جەختی لەڕۆڵی فێرکەر (مامۆستا) کردۆتەوە کە چەند گرینگە لەم بابەتە موزیکیانە بگەڕێت وپێشکەش بەفێرخوازانی بکات

کەمیانەکانیان میانەی موزیکی ڕێپێدراوبن، دەقەکان دەقی زانستی وسودبەخش بن، ڕیتمەکان ڕیتمی سادە وئاسان بن، ئاوازەکان ئاوازی کورت وبچکۆڵانەبن، کەتیایاندا ڕەچاوی ئاستی توانای هزری وجەستەیی وعەقلی فیرخوا بکرێت بەپێی قوناغەکانی خوێندن. (نواب، ٢٠٢٠، ص١٥).

ژەنین وپراکتیزەکردنی گۆرانی و موزیکە میللی وفۆلکلۆریەکان کۆتا ڕێگای کارکردن نیە لەسەر پەروەردەکردن وفێرکردنی منالان بەگۆرانیەکان، بەڵکو دەستپێکێکە بۆتێگەیشتن وبەردەوام بوون وداهێنانی زیاتر لە بواری هونەری وپەروەردەیی، هەروەها پرکردنەوەی ئەم کەم وکوڕیانە دەبێ کە فێرخوازان هەیانە لەتەواوی ژیانی ڕۆژانەیان ودەربڕینە لە ناخ وهەست وسۆزی پەنگ خواردوویان، بۆیە سوزوکی گرینگی تەواوی داوە بەپەروەردەی منال لەتەمەنێکی زۆر زوودا وکۆدایش لە تەمەنی سەرەتایی. (الخولی، ١٩٧٨، ص٤٢).

بەڵام سوزوکی زۆر زیاتریش لەبیرکردنەوەکانی کۆدای دەڵێت نەک تەنها منال بەڵکو گەورەکانیش پێویستە شان بەشانی منالەکانیان دەست بکەن بەفێربوونی گۆرانی وموزیک وگرینگی تەواو بەم لایەنە هونەریە بدەن، بۆئەوەی بتوانن لەئاکامی ئەم کارەیان تۆزێک لەغەم وخەفەت ونەهامەتیەکانیان کەم کەنەوە ودوورکەونەوە لەم جەنجاڵیەی ژیان ئەگەر تۆزێکیش بێ.( محمد، ٢٠١٨، ص١٢).

ئەم بۆچوونانەی کۆدای وسوزوکیش دوای جەنگی جیهانی دووەم دێت، کاتێک بەتەواوەتی هەست بەتێکچوونی شیرازەی ژیانی ئاسایی تاک دەکرێت لەلایەنی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، هزری، فسیۆلۆجی...تادوایی. سوزوکی بەگەورەترین نمونەی زەرەر مەندی جەنگی جیهانی دووەمدا هەژماردەکرێت بەوەی کارگەی دروستکردنی کەمانی خانەوادەکەی تێکشکێندراو بەهۆی پەشێویەکانی جەنگ و پێداویستی ئەوسای دەوڵەت بە کارگەکە، بوو بەکارگەی دروستکردنی فرۆکە ئاویەکان، هەر بەم هۆیەش بوو لە هێرشێکی ئەمریکیەکان بۆ سەر ناوچەکە کارگەکەیان بوو بەئامانج و تەقێندرایەوە و لەئەنجامدا یەکێ لەبراکانی گیانی سپارد، سوزوکیش بەمەبەستی پاراستنی ژیانی خۆی وخێزانەکەی ڕوو لەناوچە شاخاویەکان دەکات ولەوێ بەردەوام دەبێت لەگەڕان لەدارە نایابەکانی دروستکردنی ئامێری کەمان. تا تەواو بوونی جەنگ وگەڕانەوەی بۆ ئەڵمانیا، وە دەست بەکاربوونەوەی ڕاستەوخۆی لە وانە وتنەوەی موزیکی نوێ لەناوچەکەدا. هەروەها بوونی بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکەی قبوڵکرد بەمەرجی ئەوەی کە ڕێگری لێنەکرێت لەچۆنیەتی فێرکردنی منالان بەگۆرانی وموزیک وژەنین، تابتوانێ پەروەردەی موزیک بەرەوپێش ببات لە تەمەنی سەرەتای دەستپێکی ژیانی منالی منالانی ناوچەکە وقەرەبووکردنەوەی ئەم ماوە دوور ودرێژەی لەنەهامەتی جەنگ بەسەریان بردووە.(زیتون، ٢٠١٨، ص١٩).

لەئاکامی ئەم بۆچوونانەی کۆدای وسوزوکی دەتوانین بگەین بەچەند ئەنجامێکی سەرەکی کەگرینگترینیان ئەمانەن: یەکەم/ پەروەردەی موزیک دەبێ بەردەوامی هەبێت وبەفراوانی بڵاوەی پێبکرێت لەناو هەموو داموو دەزگا فێرکاریە میری ونامیریەکان (کەرتی تایبەت). دووەم/ پەروەردەی موزیکی دەبێت لەتەمەنی سەرەتایی، لە سەرەتاکانی ژیانی تاک بخوێندرێت وکاری لەسەر بکرێت، وە دەوڵەت بوار برەخسێنێت بۆهەموو ئەوانەی لەکات وساتی دیاریکراو لێی بێبەش بوونە. سێ یەم/ پەروەردەی موزیک دەبێ بەگۆرانی دەست پێبکرێت لەسەرەتادا، دواتر پەرەی پێبدرێت بۆ

خوێندنەوەی نۆتەی موزیکی ونوسینەوەی وە پراکتیزەکردنی. چوارەم/ پەروەردەی موزیک دەبێ سەرەتا بەگۆرانیە میللەکان وفۆلکلۆریەکانی ناوچەی ژیان بەسەربردنی تاک دەست پێبکات، کەبە زمانی دایک وتراون، بۆئەوەی تاکەکان لە داهاتودا بتوانن کاری ڕەسەن لەکارە ناڕەسەنەکان جیابکەنەوە وهەست بەتامووچێژ ورەسەنایەتی موزیکە ڕەسەنەکان بکەن وبتوانن بیانپارێزن. (شیماء٢٠١٦، ص٢٢).

ئەم بۆچوون وتیۆرانەی کۆدای وسوزوکی دەکرێت سودیان لێوەربگیردرێت لەبوارەکانی پەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکان، بۆ پەروەردە وفێرکردنی تاکی کورد بەگۆرانی وموزیکە ڕەسەنە فۆلکلۆریەکان ومیللیەکانی کوردەواری لەنێو پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن، بۆ دروستکردنی کەسایەتی بەهێز، ئنتیمای نیشتمانی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی... وە پاراستنی کەلتور وفۆلکلۆر وبابەتە میللیەکان وجیاکردنەوەی بەرهەمە ڕەسەنە کوردیەکان لە ناڕەسەنەکان. هەروەها فێرکردن و پەروەردەکردنی صۆلفێج ودەنگ وژەنینی گۆرانی وموزیکی کوردی لەناو پەروەردەو فێرکردن بەمەبەستی بەهێزکردن وگەشەپێدانی توانا موزیکیە جۆراو جۆرەکانی تاک بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی لەڕێگای خوێندنگا سەرەتاییەکان بەشێوەی زانستی وبابەتیانەتر بەهۆی تێکەڵکردن و وەرگرتنی گشت ڕێگا سەرکەوتوەکانی پێشوتروەک ڕێگاکانی کۆدای وسوزوکی، کەبەڕێگایەکی داهێنان و نوێکاری هەژمار لە بواری پەروەردە وفێرکردن.

## ٤-پەروەردەو فێرکردنی گۆرانی وموزیک لەڕوانگەی فەلسەفەی سوڵتان کۆدایدا و شینیتشی سوزوکی

بەگوێرەی بۆچوون و تێڕوانینە فەلسەفیەکانی کۆدای، موزیک و گۆرانی و پەروەردەی موزیکی بۆگشت تاکێکی کۆمەڵگایە نەک تەنها دەنگ خۆش وموزیک زان وبەتواناکان لەم بوارە. بەواتای ئەوەی مرۆڤ هەرلەسەرەتای تەمەنیەوە بەهرەیەکی موزیکی کەم تازۆر لە ناخ ودەرونیدا بەدی دەکرێت وهەیە، بەڵام ئەم جۆرە بەهرە خۆرسکانە پێویستیان بەپەروەردەکردن وفێرکردن هەیە تابدرەوشێنەوە. (سلوم، ٢٠١٩، ص ٢٦).

لێرەدا سوزکی هاوڕایە لەگەڵ کۆدایی و دەڵێت : (هەرلەسەرەتای دروستبوونی کۆرپەلە مێشک وهزر وهۆش ئامادەیە بۆ وەرگرتنی هەرکارێک یابابەتێکی نوێ، ئەم وەرگرتنەش لەڕێگەی پەروەردەکردن وفێرکردنەوە دەبێ لەئەنجامی دووبارەکردنەوە وگوێگرتنی بەردەوام، هەروەک چۆن منداڵ لەسەرەتای تەمەنیدا فێری زمانی دایک دەبێت، ئاواش دەتواندرێ بەهەمان ڕێگا وهەمان بیرۆکە، منداڵ فێری ئامێرە موزیکیەکان بکرێت. (جادالله، ٢٠١٢، ص٢٩).

کۆدای جەخت لەپەروەردەی موزیک دەکاتەوە ودەڵێت: (پێویستە پەروەردەی موزیک لەسەرەتای تەمەنی دەستپێکی منداڵیەوە بەگۆرانی هەنگاو بنێت، هەنگاوەکانی پەروەردەکردنەکەش بەشێوەیەکی بەرفراوان بێت گشت داموو دەزگا پەروەردەییەکان وخوێندنگەکانی پەروەردەی موزیک بگرێتەوە، بۆئەوەی بەلانی کەم منداڵان بتوانن بەرهەمە ڕەسەنەکان لە بەرهەمە ناڕەسەنەکان جیا

بکەنەوە وببن بە خاوەنی گوێچکەیەکی بەهێز بۆ وەرگرتنی چێژی موزیکی ڕاستەقینە). هەروەها پەروەردەی موزیکی لای منداڵ دەبێ سەرەتا بە گۆرانیە میللیەکان وفۆلکلۆریەکانی ناوچەکەی خۆی بێت، بۆئەوەی لەم ڕێگەوە فێری زمانی دایک وووشە وپیتەکان وعورف وعادات وتەقالید بن.(أمیمة، ٢٠٢٠، ص٤).

سوزوکیش هاوڕایە لە گەڵ بۆچونەکەی کۆدای لەگرینگیدان بە گۆرانیە میللی و فۆلکلۆریەکان، بەڵام پێیوانیە کە منالان تەنها لەڕێگەی ئەم جۆرە گۆرانی وموزیکانەوە فێری پەروەردەی گۆرانی وموزیک بن، بۆیە سێ ڕێگەی خستۆتە بەردەست بۆ مامۆستایانی بواری پەروەردە و فێرکردن لەبواری گۆرانی وموزیک بۆ پەروەردەکردن وڕاهێنانی منالەکان بەبابەتە هونەریەکان وەک: أ- گوێگرتنی بەردەوام وچەند بارەکردنەوەی بابەتە دیاریکراوەکان. ب-دووبارەکردنەوەی هەمان ئەم بابەتانەی گوێ بیستیان بووە لە ڕابردوو بەدەنگ. ج-پراکتیزەکردن وجێ بەجێکردنیان لەسەر ئامێرێکی دیاریکراوی موزیکی. (ابو بکر، ٢٠١٥، ص١٧).

سوزوکی زۆر جەختی لەم هەنگاوانە دەکردەوە وتوانی بنیاتی ڕێگاکانی پەروەردەی گۆرانی وموزیک وژەنینیان لەسەر دروست بکات، وەهەمیشە پێی وابوو بەگوێرەی کات وساتی گونجا ورەخساندنی زەمینەیەکی لەبار هەموو تاکێک دەتوانی فێری گۆرانی وموزیک وژەنینی ئامێرە موزیکیەکان بێ، هەروەک چۆن مرۆڤ لەگشت قۆناغەکانی ژیانی فێری زمانە جیاوازەکان دەبێ لەکات وساتی دیاریکراو. (عواد، ٢٠١٨، ص١٢).

بەگوێرەی فەلسەفەی سوڵتان کۆداش نەفامی ونەشارەزایی لە بواری گۆرانی وموزیک لەلایەن مرۆڤەکانەوە دەبن بەگەورەترین کێشە لەڕووی معریفی ودەرونی وهەستی وسۆزی، بۆیە پێشنیاری کردنەوەی پەروەردەی موزیکی دەکات لەڕێگای (محو الامیە) خانەی نەهێشتنی نەفامی موزیکی بۆ گشت ئەم تاکانەی ئاشنایەتیان نیە یادەرفەتی ئاشنابونیان نەبووە بەبواری گۆرانی وموزیک لەکات وساتی دیاریکراو لێی بێبەش بوونە.

**٥-تیۆری پەروەردەی گۆرانی وموزیک لەقوتابخانەی سوڵتان کۆدای**

**٥-١-**کۆدای ڕێگایەکی نوێی داهێنا لەپەروەردەکردنی منداڵانی وڵاتەکەی کەبریتی بوولە( پەروەردەکرنی منالان بە گۆرانی وموزیکی میللی وڕاهێنانیان لەسەر خوێندنەوەی دوو دەنگی وئەدا کردنی گۆرانیەکان بەشێوازی جۆراوجۆر ونوێ).واتە بەکارهێنانی فرەدەنگی (تعدد الاصوات) لە گۆرانی قوتابخانەکاندا، وەگونجاندنی لەگەڵ میلۆدیە میللیەکان. لەم شێێوازەدا کۆدای هەڵسا بەڕاهێنان و پەروەردەکردنی هەست وسۆز وگوێچکەی منالەکان بەشێوەی دەنگ دانەوە ( صدا Echo Singing)، ئەم ڕێگایەش بریتی بوو لە دابەشکردنی پۆلەکە بۆ دوو گروپ، گروپێکیان گۆرانیە میللەکانیان بە شێوەی فۆرتی (F) بەهێز دەچڕی وگروپەکەی تر بەشێوەی پیانۆ (P) نەرم دەچڕی.

بەم هۆیەشەوە شێوازێکی دەنگ دانەوە دروست دەبوو ومناڵەکان بۆئەوەی گۆرانیەکەیان لێ تێک نەچێت وهزریان نەپچڕێت ناچاربوون زیاتر هەست ڕاگرن وبەهەستیارتر گۆرانیەکان بڵێنەوە، بەمەش جۆرێکی نوێ لە پەروەردەکردنی گوێچکە وهەستی بیستن لای مناڵ دروست دەبوو وتوانای جیاکردنەوەی دەنگە تێکەڵەکانی زیاتر دەبوو. (قندیل، ٢٠٢٠، ص٤).

**٥-٢-**گرینگیدان وسەپاندنی شێوازی خوێندنەوەی صۆڵ فائی لەخوێندنگا سەرەتاییەکان وەک سەرەتا بەمەبەستی زیاتر بەهێزکردن وڕاهێنانی فێرخوازەکان وەک سەرەتا دواتر دەربڕین بە نەغمە وئاوازی دەنگەکان وەک خۆیان. واتە فەلسەفەی کۆدای لە بواری پەروەردەکردنی گۆرانی وموزیک گرینیگیدانی زیاترە بەگۆرانی وتوانای قورگی مناڵ، نەک ژەنینی ئامێری موزیکی، چونکە کۆدای پێی وابوو گۆرانی وتن بەهاوکاری ئامێرە موزیکیەکان کاریگەری لەسەر دەنگی مرۆڤ دروست دەکات ودەنگەکە دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی ناسروشتی ودەستکرد. لەلایەکیتریش گۆرانی وتنی بەتەنها و بەبێ ئامێری موزیک توانای داهێنان و ئەدای دەربڕین جوانتر دەکات.هەرئەمەش بوو وایکرد کۆدای لەڕێگاپەروەردەییەکانی گرینگی زیاتر بە موزیکی مرۆیی وگۆرانی دوو دەنگی بدات بەشێوەی ( پۆلیفۆنی ). (توفیق، ٢٠١٨، ص١١).

**٥-٣-**گۆرانی بێدەنگ ( الغناء الصامت )، یەکێکیترە لەڕێگاکانی پەروەردە وفێرکردنی گۆرانی وموزیک لەلایەن کۆدای. واتە مناڵەکانی لەسەر ئملای نۆتە نوسینەوەی گۆرانیە مللی وفۆلکلۆریە هەنگاریە سادە وساناکانە بەئەزبەرکردن ونوسینەوەیانە چەندین جار، بۆئەوەی دەستیان ڕابێت لەسەری ولەناخەوە هەست بە ئاوازەکان بکەن بەم کردارەشی دەوت موزیک یا گۆرانی بێ دەنگ (الغناء الصامت). (د.احمد رباع: 2017، ص57).

**٥-٤-**چنین وشیکردنەوەی گۆرانیە میللی وفۆلکلۆریەکان، هەروەها وێناکردنیان لەچینە دەنگیەکانی تر، بەڕێگای دۆ(Do)ی جوڵاو. (Movable Do System of Relative Solmization)، واتە (Tonic or Home Tonie)، کەبریتیە لەگوتنی میلۆدیەک لەسەر دەنگێکی دیاریکراو وەدوبارەکردنەوەی هەمان میلۆدی بەهەمان شێواز لەسەر چینە دەنگێکی تردا، ئەم بیرۆکەیەش لەشێوازی گوتنی سکێڵی دۆ مێجەر وە گۆرینی بۆ سکێڵی لا ماینەر هاتووە کە هەمان دوری میانەکانی هەیەو هیچ گۆڕانکاریەک لە ئاوازەکە ڕونادات تەنها خۆگونجاندنی فێرخوازە بە چینە دەنگێک کەبۆی گونجاوترە، کۆدای لەم ڕێگایەدا ئەوەمان پێدەڵێت کە دەکرێت گۆرانی وئاواز وموزیک بەووشە وتێکست وگشت دەربڕینە دەنگیەکان بلکێندرێت جائەم دەربڕینانە هەرچیەک بن، گوتاری ئاینی، گوتاری سیاسی، گوتاری پەروەردەیی، گوتاری زانستی... تادوایی. ئەم ڕێگایەش وەک شێوازێک لە شێوازەکانی (کۆنتراپۆنت) و (هارمۆنیا) ی سەرەتایی هەنگاوێکیتر بوون لەپەروەردە وفێرکردنی گۆرانی وموزیک لە قوتابخانەی سوڵتان کۆدای، بەمەبەستی ڕیفۆرمکردنی گۆرانیەکانی هەنگاری وداهێنان لەبواری نوسینەوە ودانانی گۆرانی بەشێوەیەکی سەردەمیانە.(TEMPO, 2021, p 84 )


**٥-٥-**نوسینەوەی نۆتەی موزیکی بەبێ هێڵەکانی موزیک (Stick Notation) کۆدای بۆ سەرەتای نوسینەوەی نۆتە لە پەروەردە وفێرکردن هەڵسا بەبەکارهێنانی ڕێگایەکی تازە کە بەکارهێنانی پیتەکانی ئەلف وبێی ئنگلیزی بوو لەبڕی ناوی دەنگەکانی موزیک ودانانی کاتی موزیکی لەگەڵیان بۆ ناساندن ودەست نیشانکردنی خایاندنی دەنگەکان بەمەبەستی زوتر فێرکردن وپەروەردەکردنی مناڵان بە نوسینەوە وخوێندنەوەی نۆتە موزیکیەکان لەتەمەنی سەرەتای ودەستپێکی فێربوون، وەک: لەبڕی

نوسینی دەنگی (Do) تەنها پیتی (d)ئی بەکار هێناوە، وە دەنگی (Re) تەنها پیتی (r) بەم شێوە بۆ گشت دەنگەکان، وە خایاندنەکەش بەپێی درێژی یا کورتی خایاندنەکان تەنها کلکی هێماکانی کاتی موزیکی بەکار هێناوە. (International Suzuki, 2002, p24)

**٥-٦**-ڕێگای خوێندنەوەی ڕیتم بە دەربڕینی دەنگی (Syllables System) داهێنان ونوێکاریەکی تری لە شێواز وڕێگاکانی قوتابخانەی کۆدای لە پەروەردە وفێرکردن، ئەم شێوازە لەسەرەتادا لە فەرەنسا بۆ وانەکانی صۆلفیج بەکارهاتووە وڕێگایەکی دیارە لەڕێگاکانی پەروەردەی دەنگ، بەڵام کۆدای ئەم ڕێگایەی هێناوەتە ناو پەروەردە وتوانیویەتی بیگونجێنێ لەگەڵ گشت ووشە وتێکستێکی پەروەردەیی، واتە جۆر وشێوازی خوێندنەوەکە بەڕیتمێکی دیاریکراو دەبەستێتەوە وخێرایی وخوێندنەوەکە سنوردار وڕیتم ئامێز دەکات، ئەمەش هەنگاوێکیترە کە فیرخواز ڕادەهێنێت لەسەر کاتە موزیکیەکان پێش زانینی ڕیتمی موزیکی وژەنینی ئامێرەکانی ڕیتمی. کۆدای جگەلەمە بۆ ئاسانکاری زیاتر، هەڵسا بە دروستکردنی پەیوەندیەک لەنێوان شێوەی نۆتە موزیکیەکان وکاتەکانیان بەڕیتم وبۆ هەر شێوەیەکی نۆتەی موزیکی پارچەیەکی دەنگی دیاریکراوی دانا تافیرخواز بتوانێ لەڕێگای دەربڕینەکەدا کات ومەودای درێژی شێوە هێماکانی نوسینەوەی موزیک بزانێت. وەک لەبڕی هێمای ڕۆند ووشەی (too) بەکارهێنا، هەروەها لەبڕی نوار ووشەی (ta) ولەبڕی کرۆش (ti-ti) بەم شێوە بۆ هەر کاتێک ووشەیەک. (فرید، ٢٠١٥، ص٢٣).

**٥-٧**-ڕێگای ئاماژە بەبەکارهێنانی دەست (Hand Signs) واتەدەست وەک ئاماژەیەک بۆ تێگەیاندنی بەرامبەر بە خواست وویستی تاک بەرامبەر بەتاکێکیتر ڕێگایەک هەرلەکۆنەوە لەلایەن عبریە کۆنەکان ومصری کۆن بەکارهاتووە بۆ دەربڕین لەپیتەکانی ئەم سەردەمە، هەروەک ئەزانین ئەم شێوازی تێگەیاندنە تاوەکو ئەمڕۆش لەلایەن ئەم کەسانە بەکار دەهێندرێن کە هەستی بیستنیان نیە یا لەدەست داوە (کەڕن)، بۆیە دەبینین سوڵتان کۆدای توانیویەتی هەمان شێوازی جوڵەی دەستەکان بۆ وەرگێڕانی دەنگە موزیکیەکان بەکاربهێنێت بەجوڵە وهێمای جیاجیا لەپەروەردە وفێرکردن، بەجۆرێ کە بگونجێ لەگەڵ سروشتی بەرزی ونزمی دەنگەکانی موزیک، ئەمەش بۆ چەند مەبەستێکی سەرەکی: **یەکەم/** جوڵانەوەی دەست وەک یاری وبەکارهێنانی ئەندامێکی جەستە لەپرۆسەی پەروەردەکردنی وانەکان بەگشتی وموزیک بەتایبەتی. **دووەم/** ڕاکێشانی سەرنجی منداڵەکان وتێگەیاندنیان بەزیاتر لەڕێگایەکی وانەوتنەوەی گۆرانی وموزیک، هەروەها بەردەوام بوونی بەردەوام لە وانەکان بێئەوەی بێزاری ومەلەل لەوانەکە دروست بێت. **سێیەم/** بەشداریکردنی منداڵە شەرمن ودەنگ نزم ودەنگ ناخۆشەکان لەوانەکە وەزانینی ئاستی تێگەیشتنیان وتوانی هێزی وەرگرتنیان لەکارێکی بەکۆمەڵ.

بۆ ڕێگای خوێندنەوەی نۆتە بەئاماژەی جوڵەی دەست کۆدای هەڵسا بەدەست نیشانکردنی حەوت ئاماژە بۆ حەوت دەنگەکەی موزیک بۆنمونە: بۆ دەنگی دۆی ئۆکتاف دەبێ ئاستی بەرزکردنەوەی دەست لەئاست نێوچەوان بێ، هەروەها بۆ دەنگی سی خوارووی دۆی ئۆکتاف دەبێ ئاستی جولەی دەست لە خوارووی نێوچەوان بێ واتە نزیک چاوەکان ئیتر بەم شێوە بەردەوام بوو لە دانانی هێماو ئاماژەکانی دەست بەپێی بەرزی ونزمی دەنگەکان وگەورەیی وبچوکی میانەکان.




**٦–تیۆری پەروەردەی گۆرانی وموزیک لەقوتابخانەی شینیتشی سوزوکی**

لەبەرامبەر ڕێگەو شێوازە وتیۆرە پەروەردەییەکانی گۆرانی وموزیک لەقوتابخانەی سوڵتان کۆدای، شینیتشی سوزوکیش لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەساڵی ١٩٤٥هەڵسا بەڕێکخستن ودانانی چەند ڕێگایەکی نوێو تازە لەبواری پەروەردە وفێرکردنی گۆرانی وموزیک بۆ منالانی تەمەن (٣–٥) ساڵی تا منالانی تەمەن (٦–١٢)سالان، بەناوی ڕێگای دۆزینەوەی ئارەزووەکان (تربية الموهبة)، ئەم داهێنانەی شینیتشی سوزوکی لەبواری پەروەردەی موزیک بەشێوازێکی فراوان بلاوبوویەوە کەتیایدا منالانی فێری ژەنین کرد لەسەر ئامێری کەمان، ئەم کارەی سوزوکی کاردانەوەی باشی لێکەوتەوە ودەنگدانەوەی زۆری هەبوو لە جیهان، چونکە ڕێگاکە ڕێگایەکی زۆر جیاواز بوو لەچاو ڕێگاکانی پێش خۆی بەگشتی و ڕێگاکەی سوڵتان کۆدای بەتایبەت. جیاوازی ڕێگاکەش لەمەوە خۆی ئەنواند کە پەروەردەی موزیکی لەلایەن سوزوکی لەتەمەنێکی زۆر زوو دەستی پێدەکرد.( الشرقاوي، ٢٠١٢، ص١٧).

لەم ڕێگا پەروەردەییە نوێیانەی فێرکردنی گۆرانی وموزیک لە قوتابخانەی سوزوکی هەندێک کێشەی فسیۆلۆجی لە جەستەی منالەکان بەدی ئەکران لەکاتی ژەنینی ئامێرەکان بەگشتی ئامێری کەمان بەتایبەتتر، بۆ چارەسەری ئەمانەش سوزوکی هەڵسا بەگرتنەبەری چەند ڕێگایەک ونوێکاریەک لەجۆر وشێواز وقەبارەی ئامێرەکان وگونجاندنیان لەگەڵ تەمەنی فێرخوازەکان، وەک: **یەکەم/** بەکارهێنانی ئامێری قەبارە ٤/٢ و ٤/٣ لەبری ئامێری قەبارە ئاسایی ٤/٤. **دووەم/** شێوازی دانانی هەرسێ پەنجە لەسەر وەتەری یەکەمی ئامێرە ژێدارەکان، لەیەکەم جاردا بەمەبەستی کەوتنی پەنجەکان بۆسەر شوێنی دیاریکراو کەدەنگی (Do) یە، تابتوانن دەنگی ڕێ کەدوای ئەم دەنگە دێ بەئاسانی لەڕێگای دانانی پەنجەی چوارەم بەبێ کێشە بەئەنجام بگەیەندرێت، ئەمەش بەپێی بوچونەکانی زانایانیش هەنگاوێکی زانستی وگونجاوە بۆ جێگیرکردنی پەنجەکان ودەست لەسەر ملی ئامێری کەمان چونکە تەوازن وهاوسەنگی دەست لەجێگیرکردن وجولانەوەی پەنجەی سێ یەم ڕێکتر وئاسانترە لە پەنجەکانیتر.

**سێ یەم/** سەبارەت بە جوڵەی کەوانی ئامێرە ژێدارەکان لەلایەن منداڵەکان، سوزوکی ڕێگای بەکارهێنانی نیوە کەوانەی دەستنیشانکردبوو لەکاتی پراکتیزەکردنی گۆرانی وموزیکەکان، هەروەها چەندین ڕاهێنانی تایبەت بە بەکارهێنانی نیوە کەوان وچونیەتی زاڵبوون وبەهێزکردنی کەوانیان ئامادەکردبوو، بەمەبەستی زاڵبوونی منداڵان وچارەسەرکردنی کێشەی ژەنینی ئامێرەکەیان. (العطار،٢٠١٧، ص٢٨).

هەموو ئەم هەنگاوانەی سەرەوە بەهەنگاوی پێشوەختەی سوزوکی هەژماردەکرێن بۆئامادەکاریی منداڵان لەجێبەجێکردنی گشت شێواز وڕێگا نوێیەکانی قوتابخانەی سوزوکی لەبواری پەروەردە وفێرکردنی منداڵان بەگۆرانی وموزیک لەسەردەمی هاوچەرخ لەتەمەنی سەرەتای منداڵی، کەئەمانە بوون:

**٦-١-گوێگرتن/** سوزوکی پێیوابوو کە گوێگرتن بڕبڕەی سەرەکی کامڵ بوونی هەستی تاکە، وەهەستکردن بە وردەکاری کارە موزیکیەکان لەوێوە چەکەرە دەکەن وپەرە دەسەنن، لەمانە (هەستکردن بە مقام، ڕیتم، خێرایی). ئەمانەش منداڵ لەڕێگەی پەروەردەی موزیکی لەقوتابخانەکاندا وبەهاوکاری مامۆستا وڕاهێنان لەسەر گۆرانی فێردەکرێن نەک بابەتی تری پەروەردەیی، کە ئەکرێ لەڕێگای زانستەکانی تر بەبەشێکی ئەم هەستە بگەیت بەڵام هەمووی نا. چونکە لەڕێگەی گوێگرتنی زۆرترین گۆرانی وموزیکی جۆراوجۆر، منداڵ دەتوانی پەیوەندی ببەستێ لەهەڵ هونەر وئاشنایەتی بەدەنگ وڕەنگ وئاوازە موزیکیەکان پەیدا بکات، هەستی بیستن بەهێز بکات وگوێچکەکانی ڕابهێنێت ودەنگە موزیکیە گونجاوەکان لەنەگونجاوەکان جیابکاتەوە، دواتر گۆرانی وموزیکەکان ئەزبەر بکات ولەڕێگای ئامێرە موزیکیەکەیەوە بەئاسانتر دوبارەیان بکاتەوە وبیان ژەنێت. ( Suzuki, 2005, p31).

**٦-٢-دووبارەکردنەوە /** دووبارەکردنەوەی بەردەوامی گۆرانی وموزیکە دیاریکراوەکان لەلایەن منداڵ دەبێتە هۆی داهێنان ونوێکاری لەگشت بوارەکان بەتایبەتی لەبواری گۆرانی وموزیک، چونکە هەرجارەی گۆرانیەکە یاموزیکەکە دوبارەدەکرێتەوە زیادکردنێک وزەغرەفەیەکی موزیکی یادەنگی نوێ لەبەرهەمەکەدا زیاد دەبێت بەمەش منداڵەکان ئارەزوویان زیاتر دەبێت لە بەردەوام بوون و داهێنانی زیاتر. لەلایەکیتر دووبارەکردنەوەی بەردەوام وزۆر دەبێتەهۆی بەهێزکردنی یادەوەری وهزری منداڵ بەهێزدەکات ولەبیر چوونەوە کەم دەکات، ئەمەش نەک تەنها سودی دەبێت بۆ بواری هونەری بەڵکو دەتوانێت لەڕێگەیەوە لەبابەتە زانستیەکانی تریش سود لەم زاکیرە وهزرە بەهێزە وەربگرێت وتاکێکی بەهێز وداهێنەر بەرهەم دێت بۆ کۆمەڵگە. (حسن، ٢٠١٩، ص٩).

**٦-٣-کاری بەکۆمەڵ/** بەپێی بۆچونەکانی سوزوکی منداڵ بەوەرگرتنی وانەی تایبەت لەبواری هونەر بەگشتی وگۆرانی وموزیک بەتایبەتتر، بەرەو ئاستێکی بەرز دەڕوات وتواناکانی زۆر زیاتر بەرەوپێش دەچن، بەڵام ڕێگا تایبەتیەکان نابێ بەردەوامیان هەبێ بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ، چونکە منداڵان لەکاتی وانە تایبەتیەکان (منفرد) توشی بێزاری ومەلەل دەبن وهەستی پێشبڕکێ ومنافەسەی زانستی لەبەرەو پێشچوونیان وردە وردە بەرودواوە دەڕوات وئاستیان لاواز دەبێ، بەڵام کاتێک منداڵەکات لەگەڵ یەکتر کۆدەکرێنەوە ووانەکان بەکۆمەڵ ئەنجام دەدەن ئەوا هەرکەسە ولەلای خۆیەوە دەکەوێتە

دەرخستنی توانا زانستیەکانی وهەمیشە لەهەوڵ وپێشڕەوی بەردەوام دەبێت، هەروەها لەئەنجامی گوێگرتنیان لەیەکتری وبینینی ئاستی یەکتر فێری تەکنیک وشێوازی جیاجیا دەبن وحەزی گوێگرتن وبیستن وژەنینیان زیاتر دەبێت، لەلایەکیتر هەست بە گرینگی ڕۆڵ وپێگەی یەکتر دەکەن ورۆحی هاوکاریکردن وهەرەوەزی لەنێوانیان زیاتر بەرەو پێش دەچێت وخۆشەویستی زیاتر لەنێوانیان دروست دەبێ، خاڵێکیتر لەگرینگی کاری بەکۆمەڵ بەهێزکردنی هەستی بیستنیان بەوەی دەبێ لەیەک کات گوێبیستی هەموو هاوڕێکانی بێت بۆ ئەوەی دوانەکەوێ وپێش نەکەوێ لەژەنین وگوتنی گۆرانیەکان، ئەمەش وادەکات کە گوێچکەیان زیاتر هەستار بێت ووردتر وزیرەکانەتر وبە هەستیاری زیاتر کارەکانیان ئەنجام بدەن. (الخزرجي، ٢٠١٩، ص٢٥). ئەم ڕێگایەی سوزوکی یەکێک بوو لەڕێگا داهێنەرەکان لەبواری پەروەردە وفێرکردن، چونکە بەکەمترین کات وماوە وتێچوو زۆرترین زانیاری دەگات بەفێرخواز، کەئەمەش داواکاریەکی بەردەوامی ڕاهێنەران وسەرپەرشتیارانی بوارەکەیە.

**٦-٤-بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا/** بەکارهێنانی تەکتەلۆجیا بەگشتی وبەتایبەتی ئامێرەکانی تەسجیل وڕادیو وتیفیڤیەکان بۆ نمایشی گۆرانی وموزیکە گرینگەکانی سەدەکانی پێشووتر وموزیکی موزیک زانانی وەک باخ، هایدن، موتسارت، بتهۆڤن....تادوایی، کەمناڵانی سەردەمانی دوای ئەوان لێی بێبەش بوونە وئاشنایەتیان لەگەڵ نین، زۆر گرینگە بۆ دروستکردنی هەستی موزیکی وتێگەیشتن لەڕێسا وبیرۆکەکانی موزیک مەندانی تۆپ، وە جیاکردنەوەی کارە پرۆفیشناڵەکان لەکارە لۆکاڵیەکان وکرچوو کاڵەکان، هەروەها ناسینەوەی فۆرم وقاڵبەکانی گۆرانی وموزیکی ئەم سەردەمانە وئاستی پێشکەوتنی موزیک لەهەر سەردەمێک.

**٦-٥-بەشداریکردنی خێزان/** بەشداریکردنی ئەندامێک لە ئەندامەکانی خێزانی یازۆربەی ئەندامەکانی خێزانی فێرخوازەکان لەکاتی چالاکیەکان وپرۆڤەکان وتەنانەت هەندێک جار لەوانە بەکۆمەڵەکانیش، هەنگاوێکی زۆر پێویستە لەهەنگاوەکانی پەروەردە وفێرکردن، هەستی فێرخواز ئاسودە وبەهێز دەکات وگرووپ تین وجۆش وخرۆشی زیاتر دەدات بەمناڵ کەبە ئازایانە وگشت تواناکانی کارە هونەریەکانی نمایش بکات و زیاتر هەوڵی بەرەوپێشچوون بدات لە بوارەکە، لەلایەکیتر ئەمە وادەکات هەستی موزیکی لەلایەن خێزانی مناڵەکان بەرەو ئاستێکی بەرزتر بچێت وخولیای هونەر وگۆرانی وموزیک لەمانیش پەرەبسەنێ وئەمانیش لەگەڵ مناڵەکانیان بکەونە ڕاهێنان لەسەر ئامێرە موزیکیەکان وگۆرانی وتن، بەمەش ئامانجێکی پەروەردەیی تر دەپێکین کەقەرەبووکردنەوەی ئەم لایەنە لەدەست دەرچووەیە کەدایکان وباوکان وئەندامانی تری مناڵەکە کاتی خۆی لێی بێبەش بوون ونەیان توانیوە ئەم لایەنە گرینگەی ژیان پڕبکەنەوە، بەڵام لەڕێگەی مناڵەکانیان دەتوانن کەشێکی موزیکی ئارام لەخێزانەکە دروست بکرێت، بەئامانجی سود وەرگرتنی کۆمەڵگەیەکی ئاسوودە وهێمن ولەسەرەخۆ ورۆشن فکر.(محجوب، ١٩٧٨، ص١٣). ئەمەش یەکێکی ترە لەئامانجە سەرەکیەکانی ڕێگاو فەلسەفەی بیرکردنەوەی سوزوکی کە بریتیە لەدروستکردنی هاوڵاتیی‌کی چاک وبەخشێنەر وداهێنەر، وە چاکردنەوە وگۆڕینی سلوکی شەڕانگێزی بەسلوکی ئاشتیخوازانە وبیرکردنەوەی بونیاتنەرانە، بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم، کەهەست وسۆز وبیرکردنەوەی مرۆڤایەتی لەلای تاک بەرەو ڕەشبینیەکی زۆر چووبون وبەرەو داڕمانی یەکجارەکی دەچوون.

**٧-دەرەنجامەکانی تێڕوانین وفەلسەفەی قوتابخانەی شینیتشی سوزوکی**

١-سوزوکی زۆربەی ژیانی لە یابان بەسەر بردووە و بەکەسایەتیەکی دیاری یابانی و جیهانیی ناسراوە، داهێنەری ڕێگایەکی نوێی پەروەردەیی بووە لە بواری گۆرانی وموزیک بەناوی ڕێگای دۆزینەوەی بەهرەکان (اکتشاف المواهب)، کەناسراوە و بڵاو بوەتەوە لە گشت جیهان لە بواری پەروەردەی هونەری موزیک.

٢-تایبەتمەنی تیۆر وڕێگاکانی پەروەردەکردنی سوزوکی لەبواری گۆرانی وموزیک بۆ پێداگری و جەختکردنەوەی بەردەوامی بوو، لەتەمەنێکی زۆر زووی مرۆڤ کەتەمەنی منالّی بوو لە سێ ساڵی تا پێنج ساڵی.

٣-گرینگی پەروەردەو فێرکردنی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەی سوزوکی بۆ تەواوکردنی کەسایەتی وبەهێزکردنی کارامەیی وگۆڕانی هەڵسوکەوتی تاکە بەگشتی ومناڵە بەتایبەتی. (حداد، ٢٠١٦، ص١٨).

٤-قوتابخانە یابانیەکان لەبواری پەروەردەو فێرکردنی گۆرانی وموزیک توانیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن لەپەیڕەوکردنی ڕێگاکانی سوزوکی لەبواری ڕاهێنانی منالّ بە ژەنین لەسەر ئامێرە موزیکیەکان، بەشێوەیەک کە سودی تەواوی هەبێت بۆ هەستەوەرەکان بەگشتی ولایەنەکانی فیسیۆلۆجی جەستەیی لە منالّدا بەتایبەتتر.(suzuki,1930, p2 )

٥-بەپێی بیروبۆچون وتێڕوانین وفەلسەفەی سوزوکی گۆرانی وموزیک لەناخی هەموو تاکێک بەڕێژەی جیاواز بونی هەیە ولەڕێگەی پەروەردە وفێرکردنێکی گونجاو دەتواندرێ بەرەوپێش ببردرێت.

٦-دووبارە بەکارهێنانەوەی ڕێگا کۆنەکان وگەشەپێدانی هونەری لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردن وگونجانیان لەگەڵ بابەتە موزیکیەکان، بۆ زیرەکی وکارامەیی شینیتشی سوزوکی دەگەڕێتەوە لە بواری پەروەردە و فێرکردن.

٧-جۆراو جۆری وبەکارهێنانی زیاتر لەڕێگایەک بۆ پەروەردە وفێرکردنی منالاّن بەگۆرانی وموزیک خاڵێکیتری سەرکەوتنەکانی سوزوکی بوون لەبوارەکەدا.

٨- سوزوکی لەکارە موزیکیە نوێکان، گرینگی بەکارە سەرکەوتووە کانی ئەم دانەرانە دەکرد کەلەتۆپەکانی موزیک دانان بوون وکەسایەتی دیاری ناوچەکە بوون.

٩-سوزوکی لەماوەی ٩٩ ساڵی تەمەنی زۆرترین خەلاّت وڕێزلێنان وبڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشرا لەمانە: دكتورا فخرية في الموسيقى، جامعة لويسفيل 1967، دكتورا فخرية في الموسيقى، معهد نيو نيو انجيلاند للموسيقى 1966، وە دوا بڕوانامەی دكتورا فخرية في الموسيقى، معهد اوبرلين للموسيقى لەساڵی 1984.

**٨-دەرەنجامەکانی تێڕوانین وفەلسەفەی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای**

١-کۆدای مامۆستای زمانەوانی وفەیلەسوف وتوێژەرێکی بەناوبانگی موزیکی هەنگاری کۆنە، زۆرترین خزمەتی بە بواری پەروەردە وفێرکردنی گۆرانی وموزیکی هەنگاری (مجر) گەیاندووە، بەتایبەتی لەتێزی دکتۆراکەی بەناونیشانی (کۆکردنەوەی گۆرانیە میللە کۆنەکانی هەنگاری لەسەردەمانی زوو لە لادێکان)، وەک بناغەی کارکردن لەسەر موزیکی هاوچەرخی هەنگاری تائەمڕۆش کاری لەسەر دەکرێت.

٢-لەساڵی ١٩٤٩ وەک سەرۆکی فەخری رێکخراوی موزسیانانی مەجەری هەڵبژێردرا و٨٥ هەشتا و پێنج ساڵ لەم رێکخراوە کاری بۆ بەرەوپێشبردنی گۆرانی و موزیکی هەنگاری کردووە.
٣-لەنامەیەکی کۆدای بۆ(بلا پارتوک) ئەنجامی گەشتە دوروو درێژەکەی ساڵی ١٩٠٠ دەرکەوتووە، کۆدای بەمەبەستی گەڕان بەدوای ڕەسەنایەتی گۆرانی وموزیکی هەنگاری ئەم گەشتەی ئەنجام داوە، هەروەک لەنامەکەیدا ڕونتر دەڵێ: (لەم گەڕانەم زۆر تێنوی دۆزیتەوەی ڕۆحی گۆرانی وموزیکی هەنگاریم)، دواتر لەساڵی ١٩٠٧ لەپاریس لە موزیکەکانی (کلۆد دیبوسی) توانیویەتی بیان دۆزێتەوە.
٤-کۆدای لەساڵی ١٩٢٥ دەستی بەهەڵمەتێکی نەتەوەیی فراوانکرد لەدژی نەخوێندەواری وقەلاچۆکردنی نەفامی موزیکی لەهەنگاریا (مەجەر)، بۆئەم مەبەستەش فێرخوازەکانی هاوکاریی ویارمەتی باشیاندا لەبلاوەپێکردنی فەلسەفە وبۆچونەکانی.
٥-کۆدای هەڵسا بەگۆرینی میتۆدی پەروەردەی سەرەتایی لەبواری گۆرانی وموزیک لە قوتابخانە سەرەتاییەکان، ئەم کارەشی بەگۆڕینی میلۆدیەکان بوولە شێوازی(مونۆفۆنی) بۆ شێوازی میلۆدیی (پۆلی فۆنی)، هەربۆیەش لەکارە (کۆڕاڵ) یەکانی زیاتر کاری بۆ گۆرانی منالان کرد ولەکارەکانی گۆرانیە میللەکانی مەجەری بەکار دەهێنان بۆ پەروەردەکردنی منالان.
٦-لەساڵی ١٩٢٩ توانی ١٣ کۆڕاڵی منالان بنوسێتەوە ولەدوو ئاهەنگی پەروەردەیدا بە هاوکاری ٧٠٠ فێرخواز پێشکەشی کردن، ئەم کارەش بەگەورەترین سەرکەوتنی رێگاکەی کۆدای هەژمارکرا لەقوتابخانەکەیدا، بەم جۆرەش تاساڵی ١٩٣٤ توانی ١٥٠٠ منال ئامادەبکات بۆ ئاهەنگێکی موزیکی بەناونیشانی (شەوانێکی کۆڕاڵی منالانی کۆدای)، بۆگەورەترین مهرەجانی هەنگاریا، ئیتر ئەمەبوە هۆی دامەزراندنی جولانەوەی گۆرانی وموزیکی گەنجان لە هەنگاریا(مەجەر).( Zoltan Kodaly, 1967, p34)
٧- فێربوونی صۆڵفێج و گۆرانی وموزیک لەتەمەنی سەرەتای دەستپێکی منال رێگایەکی سەرکەوتووی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای بوو لەپرۆسەی پەروەردە وفێرکردندا.

٨-دەست نیشانکردنی جۆر وشێواز وبابەتە موزیکیەکان لە پەروەردە و فێرکردنی موزیک، لایەنێکی هەرەگرینگە لە لایەنەکانی مانەوەی ناوی کۆدای لەبواری پەروەردە وفێرکردن، چونکە کۆدای هەمیشە لەدەست نیشانکردنی بابەتەکان جەختی لەبەکارهێنانی یاریە منالانەییە کۆنەکان دەکردەوە، لەپرۆسەی پەروەردەدا.

٩-جەختکردنەوەی کۆدای بۆگۆرانی وموزیکی فۆلکلۆری ومیللیە کۆنەکان ودووبارەکردنەوەیان لەپرۆسەی پەروەردەکردن وئاشناکردنی منالان بەخوێندنەوەیان پاشخانێکی دەوڵەمەندی لەهزری

منداڵەکان بونیات دەنا، بەمەش کاتێکی کەمتر وماندوو بونێکی کەمتر پێویست دەبوو لەڕاهێنانی نەوە نوێکان بەگۆرانی وموزیکی ڕەسەنی ناوچەکانی خۆیان.

١٠-فەلسەفەی کۆدای لەپرۆسەی پەروەردەدا دووئامانجی گەورەی پێکا، ئەوانیش یەکەم/ قەلاچۆکردنی نەفامی (جاهیلیەتی) موزیکی بو لەڕووی نوسین وخوێندنەوە، دووەم/ پەروەردەکردن وتوانای دەستنیشانکردنی موزیکی ڕەسەن وبەپێز وجیاکردنەوەیان بوو لەکاری موزیکی کرچووکاڵ ونارەسەن.

١١- کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٤ی داڤۆس لە بواری پەروەردەو فێرکردن، گەورەترین ڕۆڵی گێڕا لە دەرکەوتنی ناوی کۆدای، فەسلەفەی، قوتابخانە ورێبازەکەی لەنێو تەواوی جیهاندا. لەڕونکردنەوە وپێشکەشکردنی ڕێگای تازە لەبواری پەرەپێدانی پەروەردەی موزیکی لەناو پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن وگەشەی مرۆیی. ڕێگاکەی کۆدای بوە جێگای سەرنجی ئامادەبوان و تاوەکو ئەمڕۆش بەیەکێک لە ڕێگا سەرکەوتوو وزیندووەکان لە بواری پەروەردەی موزیکی کاری لەسەردەکرێت. چونکە کۆدای لەم هەنگاوەیدا مەبەستی تەنها فێربوون وگەشەی گۆرانی وموزیک نەبوو لەپەروەردە وفێرکردندا بەڵکو لەم ڕێگایەدا گرینگی بەلایەنەکانی فەلسەفە، زانستی کۆمەلایەتی، سیاسەتی هونەری، ڕێگاکانی ژیانکردن دەدا.

**٩-ئەنجام**

1-گۆڕینی هەڵسوکەوت ورەفتاری ناپەروەردەیی بە ڕەفتاری پەروەردەیی گونجاو لەڕێگای پەروەردە وفێرکردنی گۆرانی وموزیک لەتەمەنی منداڵیدا.

2-هێورکردنەوە وراهێنانی مناڵ بەئارامی ولەسەرەخۆیی لەڕێگای پەروەردە کردن بەگۆرانی وموزیک، یەکێکە لە گرینگ ترین دەست کەوتە پەروەردەیی یەکان لەتەمەنی سەرەتایی.

3-فراوانکردنی ئاستی زانیاری وهزری مناڵ بەگۆرانی وموزیک، لە بڕی خوێندنەوە ونوسین لە سەرەتای دەست پێکی لەبوارەکانی پەروەردە وفێرکردن، لەقۆناغەکانی دایەنگەدا.

4-بەهێزکردنی هەستی بیستن وگوێگرتن لەلایەن مناڵ لەڕێگەی ژەنینی موزیک ودەربڕینی گۆرانی.

5-ئاشناکردنی مناڵ بەگرینگی کاری بەکۆمەڵ وهاوکاری کردنی یەکتر، لەڕێگای گوتن وئەنجامدانی گۆرانی وموزیگ لەبۆنەکاندا.

6-بەرەوپێشبردنی هەستەکانی بینین، بیستن، گوتن، جوڵە، لە یەک کاتدا، لەئەنجامی جێ بەجێ کردن وپراکتیزەکردنی کاری هونەری گۆرانی وموزیک.

7-ئاشناکردنی مناڵ بەزمانێکی جیهانی یەک گرتوو، کە زمانی موزیکە.

8-بەهێزکردنی ئنتیمای نیشتمانی لەڕێگەی سروودە نیشتیمانیەکان.

9-بەهێزکردنی کەسایەتی مناڵ، دروستکردنی متمانە وباوەڕبەخۆبوون، لە ئەنجامی دەربڕینی گۆرانی بە شێوەی تاک لایەنە (صولو).

10-ڕاهێنانی مناڵ بەئەزبەرکردنی زۆرترین تێکست وزانیاری، لەکەمترین کات، بەهۆی پەروەردەی گۆرانی و موزیک.

**١٠–ڕاسپاردەکان**

١-گرینگیدان بە گۆرانی وموزیکی نەتەوەیی، فۆلکلۆری، میللی، وەبەکارهێنانیان لە پرۆسەی پەروەردە وفێرکردن لەقوتابخانە سەرەتاییەکان.
٢-ڕاهێنانی منالاَن وپەروەردەکردنیان بەگۆرانی وموزیک لەقۆناغەکانی داینگە وباخچەی ساوایان.
٣-تەرخانکردنی هۆڵی تاقیگەی موزیکی لەنێوەندەکانی پەروەردە وفێرکردن.
٤-گرینگیدانی زیاتر بەبابەتە هونەریەکان بەگشتی وگۆرانی وموزیک بەتایبەتی لە خوێندنگاکان.
٥-دابینکردنی مامۆستاو پسپۆڕی تایبەت بەبابەتە هونەریەکان.
٦-ئامادەکردنی میتۆد بۆ وانە هونەریەکان وگۆرانی وموزیک بەگوێرەی تەمەن، قۆناغ، توانا جەستەیی وهزریەکانی فێرخوار.
٧-زیادکردنی بەشەوانەی هونەری وڕێکخستنەوەی خشتەی کاتەکانی بابەتە هونەریەکان وئەنجامدانیان لەکات وساتی دیاریکراو، نەک پشتگوێخستنیان وبەکارهێنانیان لەخزموت بابەتەکانیتری زانستی.
٨- دەبێت لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆر بە ورتر و بە بەرپرسیاریانەترەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتە هونەریەکان بەگشتی و موزیک بەتایبەتی بکەن. چونکە موزیک ناسنامەی میللەتەکانە.
٩- کۆکردنەوەی گۆرانی و موزیکە ڕەسەنەکان، نوێکردنەوەیان و کارکردن لەسەریان و بەقالب کردنیان وەک موزیکێکی جیهانی لەلایەن دەزگای پەیوەندیدار بەگۆرانی وموزیک.
١٠- بەنۆتەکردن و شیکردنەوەی گۆرانی وموزیکی فۆلکلۆری ومیللی یەکوردیەکان لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکە وبەکارهێنانیان لە میتۆدی خوێندن لە پەروەردە و فێرکردن بەپاڵپشتی سەرپەرشتیاران و بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە.

**١١–پێشنیار**

1- گرینگیدانی زیاتر بە بواری گۆرانی و موزیکە ڕەسەنە کوردیەکان.

2-کردنەوەی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەر لەگشت شار وشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان.

3-کردنەوەی دەزگای هونەری تایبەت بە گۆرانی و موزیکە میللی و فۆلکلۆریە ڕەسەنەکان.

أهم الطرق لتعليم الاغاني والموسيقى الكردية في المدارس الابتدائية (نظرية السلطان كوداي و شينيتيشى سوزوكي ) نموذجا


## ملخص

في هذه الدراسة بحثنا على حلول لاعاقة التقديم وتطوير فن الموسيقى والاغاني الكورديه ضمن اختصاص التربية والتعليم، كما اشر الباحث على الطرق واساليب النضريات والفلسفه لكلا المدرستين سلطان كوداى وشينيتشي سوزوكى بشكل مفصل ودقيق.. لانه وكما معروف ان فني الموسيقى والغناء هما الوحيدان اللذان يتاثران بشكل مباشر وغير مباشر عن لمشاعير والاحاسيس والحاله النفسيه والعاطفيه والذهنيه للفرد بشكل عام وخاصة الاطفال.

وقد اكد الباحث في هذه الدراسه عن افضل واهم الطرق التربويه لتطبيق مادة الاغانى والموسيقى وكيفية عرضهما للطلبه، كي تتمكن من خلالها حل المشاكل والثغرات التي تظهر بمادة الموسيقى والغناء في مجال التربية والتعليم الاساليب، وهذه كلها عن عرض فلسفة المدرستين كوداى والسوزوكى واللتان تعتبران من المؤسسين لمدارس الموسيقه الحديثه.

من خلال هذه البحث ذكر الباحث بعض المواضيع المهمه لغرض التقدم والتوسع في مجال الموسيقى الشعبية والفولكلوريه الكورديه بشكل علمي ودقيق بغية توصيل هذا العلم من خلال الاطفال الى المجتمع باكمليه وتكون المواضيع كالاتي: اولا/ وجهة نظر سلطان كوداى وشينيتشي سوزوكى عن فن الغناء والموسيقى، هو تركيزهم للومسيقى والاغاني الشعبيه والفولكلوريه وكيفية استخدامهما في مجال التعليم والتربيه والمجالات الاخرى السياسيه والاجتماعيه والدينيه، كما قدم الباحث اسهل الطرق التدريسيه الفعاله في مجال الاغاني والموسيقى المدرسيه في مدرستي كوداى والسوزوكى، وتم تعميمهما على تعليم الاغاني الكورديه والموسيقى الاصيله التي تطرب المجتمع الكوردي في المدارس والمناهج التعليميه الاساسيه بشكل مقصود. ثانيا/ تعتبر فلسفة كوداي وسوزوكى في مجال التربيه والتعليم للاغاني والموسيقى الكورديه هي ربط وتوضيح بين النصوص والمواضيع المهمه داخل الاغاني والموسيقى الكورديه حيث لايمكننا ان نتخلى عنها ببساطه...

وفي نهاية الدراسه عرضنا التوصيات للباحثين وذوي الاختصاص والمقترحات المهمة الى المسؤولين ذوي العلاقه والاختصاص بهذا المجال وتشجيعه وذللك لضرورة الموسيقى والغناء بغيه اعتبارها ضمن المناهج الدراسيه للتربيه والتعليم والتي من خلال هذا المجال يرتفع الانتماء للوطن والحب له والدفاع عنه.. واخيرا انهي الباحث الدراسه بترتيب قائمة المصادر والمراجع المستخدمه.



**الكلمات المفتاحية:** الاغاني، الموسيقى، التربية، التعليم، الاكراد، كوداى، سوزوكى

**The most important ways to teach Kurdish songs and music in primary schools (Sultan Koday theory and Shinichi Suzuki) as a model**


# Abstract

In this study, we searched for solutions to impede the presentation and development of the art of Kurdish music and songs within the field of education. Direct about the feelings, feelings, and psychological, emotional and mental state of the individual in general, especially children.

In this study, we have emphasized the best and most important educational methods for applying the subject of songs and music and how they are presented to students, so that they can solve the problems and gaps that appear in the subject of music and singing in the field of education and methods. The talk.

Through our research, we mentioned some important topics for the purpose of progress and expansion in the field of Kurdish folk and folk music in a scientific and accurate manner in order to communicate this science through children to the entire community and the topics are as follows: First / the viewpoint of Sultan Kodaly and Shinichi Suzuki on the art of singing and music, is their focus on music and songs Folk and folklore and how to use them in the field of education, education and other political, social and religious fields. We also presented the easiest and most effective teaching methods in the field of school songs and music in the Kodaly and Suzuki schools, and they were deliberately circulated to the teaching of Kurdish songs and authentic music that enrich the Kurdish community in schools and the basic educational curricula.

Second/ The philosophy of Kodaly and Suzuki in the field of education for Kurdish songs and music is a link and clarification between texts and important topics within Kurdish songs and music, as we simply cannot abandon them...

At the end of the study, we presented recommendations to researchers and specialists, and important proposals to officials with a relationship and competence in this field and encourage it, due to the necessity of music and singing in order to consider them within the educational curricula, which through this field raises belonging to the homeland and love for it and defending it, Finally, we finished the study by arranging a list of sources and references used.



**Keywords:** Songs, Music, Education, teaching, Kurds, Kodayi, Suzuki

**١٢–سەرچاوەکان**

**١٢–١– سەرچاوە کوردیەکان/ پەرتوک**


١–نيكتين، باسل: ٢٠٠٣، الكرد دراسة سوسولوجية وتاريخية، دار ئاراس للطباعة ونشر، هولير.

2–قرداغي، محمد على: ٢٠٠٧، ورود الكرد في حديقة الورود، دار ئاراس للطباعة ونشر، هولير.

٣–مردۆخ، شيخ محمد مردۆخی کوردستانی: ٢٠١١، مێژووی کورد وکوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.


**١٢–٢– سەرچاوە عەرەبیەکان/ پەرتوک**


١–الخولي، د.سمحة: صدرت السلسلة في يناير ١٩٧٨ بإشراف أحمد مشاري العدواني ١٩٢٣ ـ ١٩٩٠، القومية في موسيقى القرن العشرين"، المجلس الوطني للثقافة والفنون والأدب، قاهره.

٢–جادالله، أ.خليفة محمد: ٢٠١٢، الموسيقا ودورها الريادي في تطور نمو الطفل وتنشئته تربويا، قسم العلوم الموسيقية، كلية الفنون الحميلة، جامعة النجاح الوطنية، فلسطين.

٣–الهاشمي، أحمد: ١٩٧٩، ميزان الذهب في صناعة شعر العرب، مكتبة المتنبي، بغداد.

٤–ل.ميخييفا: ٢٠١٤، القاموس الموسيقى في حكايات، الطبعة الاولى، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، سوريا ديمشق.

٥–ابراهيم، مهدى: ٢٠١٤، مبادء العلوم الموسيقية، الطبعة الاولى، دار علاء الدين للنشر والتوزيع والترجمة، سوريا ديمشق.

٦–الزهوري، بهاء الدين: ٢٠٠٢، المنهج التربوي الإسلامي للطفل، مطبعة اليمامة، حمص.

٧–محجوب، عباس: ١٩٧٨، أصول الفكر التربوي في الإسلام، دار ابن كثير، دمشق.

٨–الملاح، د.محمد: ٢٠١٠، مبادئ علم الكونترابنط " The Fundamentals Of Counterpoint Sciencr" ،اربد جامعة اليرموك، كلية الفنون الجميلة، قسم الموسيقى، مكتبة الظلال للطباعة والنشر، يرموك.

٩–رباع، د.احمد: ٢٠١٧، تاريخ علوم الموسيقى عند العرب وعند العجم، معهد الموسيقى في الدار البيضاء.


**١٢–٣–گۆڤارە زانستيەکان**


1–أ.د. أميمة عبد الحميد ابراهيم،م.د.أحمد طارق محمد، ريم محمد أسعد قنديل :المصادر الأساسية التي أسهمت في تكوين مفهوم زولتان كوداي في تدريس الموسيقى، مجلة علوم وفنون الموسيقى ، كلية التربية الموسييقية، مجلد٤٢، يناير ٢٠٢٠.

2–م.د.أحمد محمد أحمد عواد، تنمية التذوق الموسيقي والقدرة العزفية لدي الطفل من خلال مدرسة سوزوكي لتعليم آلة الكمان، مجلة علوم وفنون الموسيقى – مجلد 38- يناير 2018.

٣–أ.د.عبد العظيم السعيد مصطفى و أ.د.امال حسين خليل و د.سلوى حسن زيد و شيماء عبد العزيز خليل جاد: تطوير منهج النشاط الموسيقي للمرحلة الابتدائية، مجلة بحوث التربية النوعية في ضوء معايير الجودة والاعتماد، عدد42، ابريل 2016.

٤- ايف ساده و رامى حداد: بيئة التعليم الموسيقى المدرسي في الاردن" الواقع والتحديات"، دراسات العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد43، العدد3، 2016.

٥-أ.م.د.هيام على سليمان النجار و د.أحمد عبدالله معروف و أ.هدير نبيل عبدالودود: الاستفادة من العمل الغنائي" اشهد "لياسمين الخيام في تنمية الاداء الغنائي للمقامات العربية، مجلة كلية التربية النوعية للدراسات التربوية والنوعية، العدد9، اغسطس2019.

٦-منى مصطفى زيتون: فاعلية برنامج قائم على التخيل الموجه في تنمية بعض مهارات التربية الموسيقية لدى طالبات المرحلة الثانوية، مجلة علوم والفنون الموسيقي، كلية التربية الموسيقية، المجلد التاسع والثلاثون، يونيو2018.

٧-مرام جلال توفيق: دور الاغنية الفرنسية للاطفال في تعليم النطق السليم لبعض مفردات اللغة الفرنسية، مجلة علوم والفنون، كلية التربية الموسيقية، المجلد التاسع والثلاثون، يونيو 2018.

٨-صبحى الشرقاوي و رامى نجيب حداد و عزيز الماضي: دراسة تطبيقية لاستخدام الاغنية في اكتساب طفل الروضة مفاهيم جديدة، دراسات، العلوم الانسانية والاجتماعية، المجلد39، العدد3، 2012.

٩-د. رامى نجيب حداد: اثر تعليم الموسيقى في المدرسة على الصحة النفسية للطلبة وتحفيزهم على التعليم، دراسات نفسية وتربوية، مختبر تطوير الممارسات النفسية والتربوية، عدد17، ديسمبر 2016.

١٠-حسنين نواب هاشم، دور الموسيقى في تنمية الجانب النفسي عند الطفل العراقي، مجلة الفنون والادب وعلوم الانسانيات والاجتماع، العدد60، نوفمبر 2020.

١١-طارق الشيخ ابو بكر: الموسيقى ذات المستوى الثقافي حتمية لعب الدور التربوية وحمل الصفة الامتاعية، مجلة العلوم التربوية، العدد2، 2015.

١٢-أ.د. ماجدة عبد الاله الخزرجي: المدارس الصديقة للطفل ودرجة توظيفها لمهارات التعليم الفعال، الطفولة والتنمية، مجلة متخصصة، علمية، محكمة، العدد34، لسنة 2019.

١٣-أ. سلوم درغام سلوم: البعد التربوي والسلوكي والمعرفي للاناشيد في تنمية ثقافة الطفل، الطفولة والتنمية، مجلة متخصصة، علمية، محكمة، العدد34، لسنة 2019.

١٤-أ.م.د. نسرين مبارك كمال و أ.م.د. بدريه حسن على حسن: برنامج مقترح قائم على القصة الرقمية فى تنمية بعض مهارات الغناء والقيم لدى طفل الروضة، مجلة علوم والفنون الموسيقى، كلية التربية الموسيقية، المجلد41، يونيو2019.

١٥-أ.م.د. نيللى محمد سعد العطار: فاعلية برنامج انشطة موسيقية في تدريب اطفال الروضة على سلوكيات الاعتذار الفعال لقبول طلب التسامح، مجلة الطفولة، العدد27، سبتمبر 2017.

١٦-أ.م.د.طارق حسون فريد: مصادر تدريس نظريات الموسيقى في التعليم العراقي المعاصر، مجلة الاكاديمي، العدد 46، 20015.

## ١٢-٤- سەرچاوە بیانیەکان


1. Suzuki Talent Education Association of Australia (Vic) Inc, (Copyright 2005). History of the Suzuki Method. Retrieved November 29, 2008.
2. International suzuki, regional, associationsKelly, Birte (2002). International Suzuki Association: Regional Suzuki Associations. Retrieved February 21 2007.
3. European suzuki, about, us membership, International Suzuki Association
4. Suzukiassociation, news first piano practice challenge Suzuki piano Suzuki Association of the Americas
5. Heidmusic, music education resource center The American Suzuki Institute at the University of Wisconsin Stevens Point: The Suzuki Method in Action: An online collection documenting Suzuki and his teaching methodology.
6. Digital brochures, EuropeanSuzuki TTraining2021 Italian Suzuki Association.
7. Copyright C 1978 by Dr. shinich Suzuki, Sole publisher for the world except Japan, all rights reserved printed in U.S.A: ISBN 0-87487-158-1.
8. Suzuki Violin School violin part volume 6 contents.
9. Suzuki Method international violin School 2.
10. Zoltankodaly, A Guide to research micheal houlahan Philip tacka, Michael houlahan routledge 2019.
11. Zoltan Kodaly 1882-1967: Honirary Presiden to Isme 1964-1967.
12. TEMPO: Aqar terly review of music. Vol 75 No.298. October 2021.
13. The society for Ethno musicology carrent volume ti6, issued three times por yare, Winter spring summer and fall issn: 0014-1836.
14. Studia Musicologica, An international Journal of musicology of the Hungarian academy of sciences.